ڕەنگی شین و سپی بۆ جل و پێڵاوەکانت لە کەشی گەرمادا هەڵبژێرە

ڕاوێژکارانی کۆمپانیای (ناین ویست) بۆ پێڵاو دەربارەی گۆڕینی جل و پێڵاوەکان لەم کەشە گەرمەی ئێستادا ڕێنمایی دەردەکەن و دەڵێن: لەگەڵ هاتنی کەشی گەرما، دەکرێت گۆڕانکاری لە پۆشاک و ئێکسسوار و جلەکانت بکەیت، تا بتوانیت بەسەر کەشی گەرمادا زاڵ بێت، دەکرێت گۆڕانکاری لە ڕەنگ و تەنکی و ئەستووری جل و جۆری پێڵاوەکانت بکەیت، بۆ نموونە، جیاوازییەکی زۆری هەیە ئەگەر جلێك، یان پێڵاوێکی تەنك لەبەر بکەیت، هەروەها ئەگەر ڕەنگی جلەکەت یان پێڵاوەکەت لە ڕەنگی سپی و شین بێت، کە ئەو دوو ڕەنگن ڕێگری لە گەرما دەکەن، ئەو کاتە گۆڕانکارییەکەت سەرکەوتوو دەبێت. لەگەڵ وەرزی گەرمادا، چەند ڕەنگێك دەبنە لوتکەی مۆدە باوەکانی جل و پێڵاوەکان، ڕاوێژکاران دەڵێن: ڕەنگی سپی و شین، جوانترین دوو ڕەنگن کە لە کەشی گەرامادا بپۆشرێن، بەتایبەت ئەگەر ڕەنگی سپی بۆ پێڵاو بێت و ڕەنگی شینیش جلوبەرگ تەرخان بکرێت، بەم بۆنەیەوە چەندین نموونەیان لەلایەن نمایشکاران (جەیل ساندەر و جیانفیتۆ ڕۆسی) نمایش کرا، کە بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبوانی نمایشەکەی نایین ویست.

رووناکی ماڵەکەت گەشاوە و رازاوە بکە

ئەگەر دیکۆرێکی نایاب لە چەندین کەرەستەی گرانبەها و مارکە بەناوبانگەکان هەڵبژێریت، بەڵام کاتێک رووناکی ماڵەکەت گەش نەبوو، جوانی دیکۆرەکەت بەدەر ناکەوێت و دەمرێت، رووناکی کاریگەری تەواوی لەسەر جوانی و رازانەوەی دیکۆری ماڵەکەت دەبێت، بەهۆی ئەوەی تیشکەکانی رووناکی دەبنە بریق و باقی سەر کەرەستەکانت، بەم چەشنە بە جوانترین دیمەن دەردەکەون و شێوازێکی سەرنجراکێشیان پێوە دیار دەبێت، سەرەتای ئەو هەنگاوەش بە چاککردنی کەلوپەلەکانی رووناکی ماڵەکەت دەست پێ بکە، تا هەموو گلۆپ و ئینارەکان بە جوانی ئیش دەکەن، هەروەها دەتوانیت سوود لە ئاوێنەکان وەربگریت بۆ رەنگدانەوەی تیشکی رووناکی نێو ماڵەکەت، ئەوەش بە هەڵواسینی ئاوێنەی گەورە و بە لاکێشەوە لە دیوار و ئەو شوێنانەی کە رووناکی تیایدا کەم بڵاو دەبێتەوە، دانانی گلۆپی ستوونی کە هەندێکیان بەرزن بۆ رووناککردنەوەی پشت و تەنیشت قەنەفە و کەرەستەکان، هەوڵبدە پەردەی پەنجەرەکانت هێندە ئەستوور نەبن کە رێگری لە هاتنە ناوەوەی رووناکی بۆ نێو ماڵەکەت بکەن، ئەگەر پەردەی ئەستووریشت لا پەسندە، با پەردەکانت زۆربەی کات بە کراوەیی بمێننەوە.

لەچک و جلە پۆشتەکانی ئافرەتان لە کوردستان

سۆما خان، نمایشکاری جلی پۆشتەیە و لە ئینستگرام هەواداریکی زۆری هەیە و بە جلە پۆشتە و حیجابەکانی جەماوەرێکی زۆری کۆکردۆتەوە، هەروەها ئافرەتانیش داوای شێوازەکانی بەستنی لەچک و مۆدی جلەکانی لێدەکەن کە بۆتە نمایشکارێکی جلی پۆشتە، سۆما خان دەربارەی جلە پۆشتە و مۆدەکانی ڕەفتە دەڵێ: سەرەتا ڕەمەزانتان پیرۆز، ڕوونە پۆشاکی پۆشتەی ئافرەت بەشێکی گرنگە لە کەلتووری ئیسلام، بۆیە ئافرەتانی کوردیش تا ڕادەیەکی زۆر باش گرینگییان بەو بەشە داوە و توانیویانە شارەزاییەکی باش لە بواری حیجاب و لەچک بەستن و ستایلی جۆراوجۆری پۆشاک پەیدا بکەن، هەڵبەتە پۆشاکی حیجاب لە وەرزێک بۆ وەرزێکی دیکە یاخود لە بۆنە جیاوازەکان دەگۆڕدرێت و دەبێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئیسلام بگونجێت. بۆ نموونە دەکرێت لە مانگی ڕەمەزاندا، پۆشاکی یەک پارچەی داخراو یاخود عەبا بە ڕەنگێکی سادە، یان کاڵ بپۆشرێت. مەرج نییە خەرجی زیاتر لێ سەرف بکرێت. لەم وێنەنانەدا ئەم پۆشاکە دەتوانرێت بۆ ئاهەنگەکان بپۆشرێت و هەروەها دەکرێت بە دەرامەتێکی گونجاو ستایلی لەم بابەتە دەستەبەر بکرێت، مەرج نییە خەرجی زیاتر لێی سەرف بکرێت، بۆیە خانمان دەتوانن چەندین جلی جوانی پۆشتە بە دەست بهێنن، من وەک نمایشکارێکی جلی پۆشتە مەبەستم لە نمایشکردنی جلی پۆشاک و ڕەفتە ئەوەیە بتوانم خزمەت لە بواری جۆرەکانی حیجاب بکەم و خەڵک لێی سوودمەند بن.

دابونەریتی جاران و ئێستە

ژیانی خەڵك لە کوردستاندا رۆژ لە دوای رۆژ گۆڕانکاری تێدا دەکرێت و بەرەوپێشەوە دەچێ و هەمیشە بەرەو شارستانیەت و کۆمەڵگەی رۆشنبیر و پێشکەوتوو هەنگاو دەنێت، سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەش، پارێزگاری لە نشونما و نەریتی ئایینی کوردەواری دەکرێت. هەندێك شتیش گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. ئەگەر مانگی رەمەزانی پیرۆز وەك نموونە وەربگرین، ئەوە دەبینین دابونەریتی ئەو مانگە وەك جارانی خۆی ماوەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە تەکنەلۆژیا هاتۆتە نێو ئەو مانگەوە، رەمەزانی جاران بە دەنگی دەهۆڵی پارشێو بۆ بانگکردنی خەڵك دەستی پێدەکرد، دوای ئەوەی رۆژووانان هەڵدەستان و ژەمە خواردنێکی بە پیت و باشیان نۆش دەکرد و نییەتی رۆژووی ئەو رۆژەیان دەهێنا و پاشان خەوێکی خۆشیان دەکرد، یان ئەوانەی خاوەن کار و پیشە بوون، خەریکی کارەکانیان دەبوون، لە ژەمی پارشێوی جاران، زیاتر ئەستورك و ماست و پەنیر و ژاژی ئامادە دەکران، دواتریش لە ژەمی بەربانگی ئێوارەوە خواردنی دیکەی بە جۆش و خرۆشەوە نۆش دەکران، شەوانیش پیاوان لە ماڵ و مزگەوت دەستیان بە زیکر و نوێژی تەراویح دەکرد، دواتر گەنجان لە دیوەخان و ماڵەکاندا کۆدەبوونەوە و بە گەمە خۆشە کوردەواریەکانی وەك: کەرەمستانێ،





جوانترین سەگ لە جیهان

رەنگە بەلاتانەوە سەیر بێت، چۆن پێوەر بۆ جوانترین سەگی جیهان دانراوە، چونکە رەنگە سەگی جوانتر هەبێت، کەچی ئەو سەگەی لە شاری پەکینی وڵاتی چین لەلایەن خاوەنەکەی (کیڤن چان)ـەوە بەخێودەکرێت، بەپێی ڕاپۆرتی رۆژنامەی میرۆری بەریتانی، بە جوانترین سەگ دانراوە، ئەو سەگە ناوی (پاتل)ە و تەمەنی (٣) ساڵە، مانگانە بڕی (٢٠) هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، خاوەنی ئەو سەگە رۆژانە ماوەی (٦ بۆ ٨) کاتژمێر خەریکی پاککردنەوە و جوانکردنیەتی، دوای ئەوەی دەیشوات، دواتر پۆدرە و شامپۆ و بۆن و گوڵاوی لێدەدات، ئەو سەگە لە جۆری سەگی ئەفغانستانییە، ئەوەی سەیرە خاوەنەکەی دەڵێ: هێندەی خەریکی جوانکردنی سەگەکەم، ئەوەندە گرنگی بە خۆم نادەم، دوای جوانکردنی سەگەکەی، پاشان گەڕانێك بە نێو شەقامەکانی شارەکەیدا دەکات و خەڵکیش وێنەی لەگەڵدا دەگرن.

ـــــای مانگی ڕەمەزان لە کوردستاندا

کڵاوێن و دامەوە، شەوانی ڕەمەزانیان بەڕێ دەکرد، لە ئێستادا بەر لە پارشێو، زۆربەی دووکان و مارکێت و کۆگاکان کراونەتەوە و لە پێشوازی خەڵکدان بۆ کڕینی کەرەستە و خواردنی بەیانیان، کە زیاتر بەروبوومی شیری ئاژەڵان داوا دەکرێت، دواتر هەر یەکە بە کاروباری خۆی خەریک دەبێت و تا ئێوارە کە جەنجاڵییەکی زۆر بە شەقام و کوچە و بازاڕەکاندا دەبینرێت و هەریەکە خەریکی کڕینی پێداویستی خۆیەتی، لە بەربانگیش هەریەکە بە خواردنێکی خۆش ڕۆژووی خۆیان دەکەنەوە و داوای قبووڵکردنی لە پەروەردەگار دەکەن، شەوانیش خەریکی نوێژی تەراویح دەبن و دواتر زۆربەی گەنجان شەقام و شوێنە گشتییەکان پڕ دەکەن بە دانیشتن و لە باخچەکانی گشتیش خەریکی یارییەکانی سنی سنیانێ و کەرەمەستێ و بۆنەی تایبەتن، پسپۆڕانی تەندروستیش ڕێنمایی دەربارەی خواردن و خواردنەوە بە خەڵک دەدەن و دەڵێن: واباشە لە پارشێودا کە جێگرەوەی نانی بەیانییە، ئەو خۆراکانە نۆش بکرێت لەوانە: شیری کەم چەوری، نانی دروستکراو لە گەنم، نۆک و پاقلە و ماست و هێلکە، لە بەربانگیش واچاکە خواردن بەسەر چەند قۆناغێک دابەش بکرێت لەوانە: سەرەتا ئاو بخوردرێتەوە، دواتر کەمێک شۆربا و پاش ٥ تا ١٠ خولەک ئینجا دەست بە خواردنی سەرەکی بکرێت.



سەیرترین نەشتەرگەریی کەمکردنەوەی کێش

(ئاریا بێرمانا) ئەو منداڵە (١٢) ساڵەی خەڵکی وڵاتی ئەندەنووسیا، بەهۆی زۆری کێشی لەشییەوە تەواوی ژیانی لێی تاڵ ببوو، دوای چەندین پشکنین و دۆزینەوەی چارەسەر تا ڕێگری لە زیادبوونی کێشی جەستەی بکەن، دەرەنجام توانییان چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، کە یەکێکە لە سەیرترین چارەسەرییەکانی کەم کردنەوە و لاوازکردنی ئەو منداڵەیە، کێشی ئەو منداڵە کە لە شاری (جاوا) لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە دەژی، نزیکەی (٢٠٠) کیلۆگرام بوو، دایکی ئەو منداڵە دەڵێ: لە تەمەنی منداڵییەوە کێشی تەنیا (٤) کیلۆگرام بوو، بەڵام بەهۆی پێدانی زۆرترین خواردن لەلایەن خۆمەوە، لە تەمەنی (٥) ساڵی کێشی گەیشتە (١٢٧) کیلۆگرام، دواتریش بەم حاڵەتەی ئێستا گەیشتووە، دوای دۆزینەوەی چارەسەری کە نەشتەرگەرییە، ئاریا ناوی چۆتە نێو کتێبی پێوانەیی گینس، دواتر بە نەشتەرگەرییەکی (٣) کاتژمێری، توانیان کێشی بۆ نیوەی خۆی کەم بکەنەوە، کە لە ئێستادا کێشی دەوروبەری (١٠٥) کیلۆگرامە.



یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کچێک چەماوەتەوە، کە شێوەی جەستەی بە سەیری دەرکەوتووە، هەوڵ بدە لە ڕاست و دروستیی وێنەکە تێبگەیت.

جیاوازی وێنە



- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەک هەیە بیاندۆزەوە!

پەند و وتە

سێر وینستۆن چرچل، لە دایکبووی ساڵی (١٨٧٤) شاری بێلهاینم پاڵاسی بەریتانیایە، لە ساڵی (١٩٥٥) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی شێوازی گفتوگۆ گوتوویەتی: شێوازی گفتوگۆ وات لێدەکات، حەز بکەیت لەگەڵ کەسێک گفتوگۆ بکەیت، یان کاتێک شێوازەکەیت بەدڵ نابێت، دەتەوێت لە گفتوگۆی را بکەیت.

فێڵکاری وێنە

لەم وێنەیەدا فێڵکاریی چاو کراوە، کە بە دوو، یان سێ دیمەنی جۆراوجۆر خۆی نیشان دەدات، لە ماوەی (١) خولەکدا دیمەنەکان دیاری بکە و شێوەکانیش بدۆزەوە.

پوختەی فیلم

هوتێلی ترانسیلڤانیا - Hotel Transylvania

یەکێکە لە فیلمە ئەنیشمەیشنەکانی کۆمپانیای سۆنی، باس لە هوتێلێک دەکات کە خێزانێکی درێندە تیایدا دەژین، دواتر درێندەیەکی پایەبەرز سەردانی ئەو هوتێلە دەکات بەمەبەستی بەسەربردنی کات، لەوێدا تووشی کێشە دەبێت لەگەڵ خێزانە درێندەکە، درێندەی پایەبەرز بەناوی (دراك پاك)ەوە، سەرەتا لەلایەن درێندەیەکی هوتێلەکە هەموو لایەنێکی کات بەسەربردنی بۆ فەراهام دەکات، کۆمەڵێك نهێنی دەربارەی خێزانە درێندەکە شاراوە بوون، پاشان پێی دەزانێت و دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو هوتێلەکە دەکات، ئەو فیلمە لە دەرهێنانی (جێندی تارتکۆفسکی)یە، وێنەکانی لە وڵاتی ئەمریکا گیراوە، بودجەکەشی (٦٥) ملیۆن دۆلارە.

کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئاراستەی بیرکردنەوەت بەرەو ناخۆشی و ڕەشبینی دەچێ، هەوڵبدە ئەو کارانەی نێستات کاریگەرییان لەسەر شێوازی ژیانت نەبێ، ڕەنگە تووشی ماندووبوون بوویت، بەڵام وا مەکە هەستیشت هیلاك بێت، لەگەڵ کەسێکدا دڵخۆشن و مەهێڵن کەسانی دیکە بێنە نێواتتان و پەرە بە بەبوندییەکانتان بدەن.

گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەو کێشەیەی لەگەڵ کەسێکی نزیکتدا هەتە، ڕەنگە بێتە هۆکارێك بۆ بێزاریت لە ژیاندا، وابامە پێکەوە دانیشن و چارەسەری کێشەکانتان بکەن، نهێنییەکانت با هەر لەلای خۆت بێ و مەهێڵە کەسانی دیکە پێی بزانن، هاوڵێی نزیکت هەن و تۆش فەرامۆشت کردوون، هەوڵبدە لێیان نزیك بیتەوە و بەیەکەوە بن.

جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

وا هەست دەکەیت کە بەختت نییە لە کارەکانت، بەڵام ئەوە مانای خەمباربوون نییە، پێویستە کارەکانت دووبارە جێبەجێ بکەیتەوە و چارەسەری گرفتەکانت بکەیت، کەسێکی نزیکت دڵی لەلاتە و دەیەوێ هەموو کات لەگەڵت بێت، تۆش ڕێگەی بدە، چونکە نیازی باشی بۆ تۆ هەیە و بیر لە هەستەکانت دەکاتەوە.

قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پێویستە لەناکاو کارەکانت فەرامۆش نەکەیت، بەڵکو هەریەکەیان بە پێی کات و گرنگیی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، هەنگاوەکانی نێستات بەرەو چارەسەری گرفتەکان دەچێ و کەسایەتیت ژیرانەیە وشایستەی دڵخۆشییە، کارێك مەکە کە ببێتە هۆی بێزاریت لە داهاتوودا.

شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەگەرچی ژیان قورسە و ماندووبوونی دەوێ، بەڵام لە هەوڵدان و کۆشش بەردەوام بە تا بە ئامانجەکانت دەگەیت، کەسێکی بەپەلەی و هەوڵ دەدەیت بەپەلە بە کارەکانت بگەیت، ئەوەش هەڵەیە و دەبێ ئارام بگریت، خەمخواردن هیچ سوودێکی نابێ بۆت، بەهێز بە و بەردەوام بە لە کارەکانت.

گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەنگاوەکانت بەرەو چارەسەری کێشەکان ڕێگەیان گرتووە و بەردەوام بە تا بە ئەنجامی بڕیارت دەگەیت، بە قسە و باسی کەسانی دیکە سارد مەبەوە لە کارەکانت و بەردەوام بە، کاتێك بیر لە داهاتوودت دەکەیتەوە، ڕەشبین مەبە، هاوسۆزیت لەگەڵ کەسانی نزیکت مانای ئەوەیە کە لێت ڕازین و متمانەت بە خۆت بێت.



کاریکاتێر

لەم کاریکاتێردا ئامازە بەوە کراوە، زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی، هۆکارێکن بۆ بڵاوکردنەوەی قسەی ناڕاست و نادروست، کە وادەکات کاریگەری لەسەر کۆشتنی بینەرەکانی هەبێت.

مامۆستا بە جلی بابەتی وانەکان

کچە مامۆستایەکی هۆڵەندی، بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر بابەتی وانەکەی بۆ قوتابییەکانی شیدەکاتەوە، لە دواترین بیرۆکە جوانەکانیدا، هەڵساوە بۆ پۆشینی جلێک کە تەواوی بابەتی وانەکەی نیشان دەدات و ڕوونی دەکاتەوە، ئەو مامۆستایە ناوی (دیبی هیرکینز)ـە و وانەی بایۆلۆژی و زیندەوەرزانی دەڵێتەوە، هەر بۆیە دەچێ لە کارگەی جلوبەرگ، داوا دەکات وێنەکەی بۆ بخەنە سەر جلەکانی و پاشانیش لە کاتی وانەوتنەوە بە قوتابییەکانی نیشان دەدات. دیبی ئەو بیرۆکەیەی لەلایەن خۆیەوە بە سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکەی گوتووە تا بەو بیرۆکەیەی بتوانێت قوتابییەکانی بە جوانی تێبگەیەنێت، دواتر ڕەزامەندی لەسەر بیرۆکەکەی کرا و ئەویش چەندین جلی لەسەر بابەتەکانی وانەکەی ئامادە کرد و لە کاتی وانەگوتنەوە دەیپۆشێت.

نـــوکتـــه

پیاو و ژنێک بەیەکەوە دادەنیشن، پیاوەکە لە خۆیەوە دەڵێ: ئافرەت خۆزگە ئۆتۆمبێلمان هەبوایە و ئێستا پیاسەیەکی دەرەوەمان دەکرد، منداڵەکانیشیان لەلایانەوە دەبن و کاتێک گوێیان لە قسەی باوکیان دەبێ بۆ ئۆتۆمبێلەکە، دەبێتە شەڕیان و هەموو دەڵێن من لە لای پەنجەرە دادەنیشم، باوکیشیان بە دەنگە دەنگیان تۆرە دەبێت و دەڵێ: وەرنە خوارەوە، دابەزن کەس لەگەڵ خۆم نابەم.

نەهەنگ ۲/۱۹ - ۳/۲۰

ئەو نەرکانەی لەسەر شانتە، پێویستە بە جوانی جێبەجێیان بکەیت و بڕیاری داهاتووی ژیانت لە دەست خۆتە، بەڵام نابێ پەلە بکەیت، ئەو کەسەی لە دڵتە مارمێکە نیازی کارێکی جوانی بۆت هەیە، بەڵام تۆ فەرامۆشت کردووە و ڕێگەی نادەیت، کەسێکی بەسۆزی و دڵت بەرگەی هەموو نازارێک ناگرێت.

گۆزە ۱/۲۰ - ۲/۱۸

هەندێ لە هەڵەکانت دەبنە مایەی نیگەرانیت و کەسانێک لە خۆت زوێر دەکەیت، مەهێڵە ئەو گرفتانە بەرەو ناخۆشیت ببەن، ئەوەی دەیکەت بۆ داهاتووت بەسوودە و دڵنیابە لە هەنگاوەکانی خۆت. دەتەوێت لە نزیکەوە لەگەڵ کەسێکدا بیت، بەڵام ئەو ڕێگەت نادات، بۆیە چاکترە فەرامۆشی بکەیت.

دووپشک ۱۰/۲۳ - ۱۱/۲۱

کارکردن لەگەڵ کەسێکی نزیکدا کە جێگەی متمانە بێت، هەوڵێکی گرنگە تا کارەکانت ئاسانتر بێت و سوود لە بیرۆکەی یەکتر وەربگرن. پێویستە ناکات هەموو کەسێک فەرامۆش بکەیت، بەڵکو مامەڵەکردنت نەرمتر و باشتر بکە، کەسێک چاودێریت دەکات تا بزانی کارەکانت چۆن بەڕێوە دەبەیت.

شایان ۹/۲۳ - ۱۰/۲۲

پێویست ناکات ئەوەندە بە دوای هەواڵی کەسانی دیکەدا بچیت، ئەگەر کەسێک نەپرسیت لە تۆ نزیک بێت، تۆش ئەوەندە خۆتی بۆ ماندوو مەکە، لە ماوەی داهاتوودا بیرکردنەوەت گۆڕانکاری بەسەردا دێ و لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆز و دڵخۆش دەن، تۆش یارمەتی بدە و کارەکانی بۆ ڕێکبخە.

کەوان ۱۱/۲۲ - ۱۲/۲۱

بەرپرسیاریەتیت مانایەکی گەورەی هەیە و تۆش فەرامۆشی مەکە، ئەو کارانەی بە تۆیان ڕاسپاردووە، دەبێ بە جوانی جێبەجێیان بکەیت، دەست مەخەرە کاری کەسانی دیکەوە، هەستەکانت پێویستیان بەو کەسەیە کە لە دڵتە و هەوڵی بۆ بدە، بە دەستی دەهێنیت، بە وردی بیر لە داهاتووت بکەرەوە.

گیسک ۱۲/۲۲ - ۱/۱۹

ئەو کارەی دەیکەیت پێویستە سەرنجا بیری لێبی بکەیتەوە و هەوڵی ئەنجامدانی کارەکانت نیرادەی پێویستە، زۆر جار کارەکانت بە جوانی دەست پێدەکەیت، بەڵام دواتر بۆت نابێ، لەگەڵ کەسێکدا دڵت خۆشە و بڕیاری جوان بە یەکەوە دەدەن، مەهێڵە گرفتێکی بچووک کارەکانت تێبکدات و ژیانت بشێوێنێت.